# لەدایكبوونەوەی  پەتی قەنارە

(لەماڵی جەلادا باسی پەتی قەنارە مەكە ... تیودۆر ئادۆرنۆ)

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

1

**لەگەڵ لەسێدارەدانی سەدام پەتی قەنارە گەڕایەوە بۆ نێو ماڵەكانمان، لەگەڵ مردنی ئەو دیكتاتۆرە كاریكاتۆریە پەتی قەنارە سێبەری خۆی درێژ كردەوە بۆ نێو هەموو كون و كەلەبەرێكی دەروونمان ، بۆ ساتێك سڕی كردین و بۆ ساتێكیش بەختەوەری كردین ، ساتەوەختێكی دیكەش جۆلانەكردنی ئەو پەتە بەبنمیچی ماڵەكانمانەوە تاكە وێنەبوو ، كەجارێكی دیكە دڕەندە تینوەكەی نێو ڕۆحمانی وەئاگا هێنایەوە. پەتی سێدارە لەگەڵ مردنی سەدامدا بووە واقعێكی سەخت و ڕاستیەكی نكوڵ لێنەكراوی كولتوری سیاسەت لەم دەڤەرەدا ، بەوەی ئەم دەسەڵاتە سیاسیانەی لەئێراقدا خۆیان بەكورسی حكومەتەوە هەڵواسیوە، سەرەڕای ئەوەی ماسكی دیموكراتخواز و مافی مرۆڤ و گوتاری باڵای ئاینیان هەڵگرتووە، لەگەڵ شۆڕبوونەوەی پەتی قەنارەكەی دیكتاتۆر ، هەموو ماسكەكانیان دەكەونەخوارێ و دەم وچاوی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دەدەن ، دەموچاوی كوڕە بێوەفاكانی سەدام كەتاوەكو دوا چركە سەدام گاڵتەی پێدەكردن، چونكە دەیزانی ئەمانە هەموویان كۆپـیەكی بچوكی ڕۆحی شەڕانی خودی دیكتاتۆریەتن ، بەڵام بەسەقەتی و شێواویەوە خۆیان دووبارە دەكەنەوە. ئەمە یەكەم ڕاچڵكینە كە لەشانۆگەری قەنارەی دیكتاتۆردا بینیمان لەگەڵ بەربوونەوەی سەدام بۆ نێو بەتاڵایی ژێر پێی ،هەموو ماناكانی عەدالەتیش دەكەونە بۆشایەوە ، لەگەڵێشیدا سەروەری یاسا و بێلایەنی دادگا دەكەوێتە نێو چاڵی ئیعدامی تایەفەكانەوە، ئەویش وەك سەدام ملی دەشكێت و لەنێو هوتافی تایەفەگەر و خێڵگەرایەكاندا پەلەقاژەیەتی. وێنەی سەروەری یاسا و دادگا لەئێراقی بەنێو نوێدا ، ئەو وێنە لاوازە بوو كەبینیمان، پەلاقاژەیەتی لەنێوان خێڵ و حیزب و تەكیەحیزبیەكاندا، چیتر لەم دەوڵەتە بەزۆر دروستكراوەی ئێراقدا پەتی قەنارەی خێڵەكان واز ناهێنن هیچ ژیانێكی مەدەنی بوونی هەبێت ، گەر هاتوو پیاوەكانی خێڵیش لەڕۆژئاوا ژیابن و بڕوانامەی گەورەیان لەگیرفاندا بێت ، ئەوا لەدواجاردا لەبەردەم تەكیەی شێخەكانی عەشیرەت و وەلائاتی حزبی و خێڵدا دادەنیشن و پەتی قەنارەكەیان لەنێو پاڵتۆدرێژ و دبلۆماسیەكانیان شاردۆتەوە ..**

**لەوانەیە ئێستا یەكێك پێم بڵێت : ئەم هەموو هەرایە لەسەر سێدارەكردنی دیكتاتۆرێك ! ، دەڵێم : نەخێر ئەم هەموو هەرایە لەسەر وێنەكانی قەنارەن كەئیرادەی تایفەگەری لەسەروو هەموو هاوكێشەیەكی سیاسی و مێژوویەوە دادەنێت ..**

**دیارە منیش وەك هەموو كوردێكی ڕۆح بریندار بە لەسێدارەدانی سەدام دڵخۆش بووم ، بەڵام نمایشكردنی بەو جۆرە و بەڕێوەچوونی بەوكەشیگەرایە مەزهەبیە، لە لەسێدارەدانێكی مێژوویەوە كردی بەئەكتێكی تۆڵەسەندنەوە. ئاشكراشە لەنێوان تۆڵە سەندنەوە و لەسێدارنی مێژووی جیاوازیەكی گەورە هەیە، یەكەمیان تۆڵەسەندنەوەیەكی كوێرانەی ڕەمەكی و سەرەتایی و بێ كولتورە و دووهەمیشیان لەگەڵ پاكتاوی جەستەی دیكتاتۆر مێژوویەكی تازە وەردەچەرخێت، پاڵێكی بەپڕتاوە بۆ چوونە نێو ژیانێكی نوێ . چەندە تۆڵە سەندنەوەی كوژاوەكان كورتخایەن و وەحشی و بێمانان، بەپێچەوانەوەی ئەوە لەسێدارەدانی یاسایی و عەدالەتخوازی، مێژوویی و مژدەبەری ژیانێكی نوێیە.**

2

**پەتی قەنارە كاتێك زەق دەبێتەوە كەچەمكی بەزەیی گووم دەبێت ، بەزەیی وەك چەمكێكی مرۆیی و وەك چەمكێكی ئاینی و یاسایی، لەسێدارەدانی دیكتاتۆر لەڕۆژی جەژندا و لەهەمان شوعبەی پێنج كەخۆی هەزارەهای بەتەنهایی و لەبەرەبەیانە ساردەكاندا لەسێدارە داوە، كارێكی نەگونجاو بوو بۆ دەسەڵاتێكی سیاسی و حكومی كەبەنێوی دیموكراتیەتەوە دژی تیرۆر دەجەنگێت. پێموایە پەلاماردانی هەمان میتۆدەكانی دیكتاتۆر بۆ لەناو بردنی دیكتاتۆر ، خۆی لەخۆیدا بەرهەمهێنانەوەی دیكتاتۆرێكی ترە. پراكتیزەكردنی چەمكی (بەزەیی و لێبوردن) لەم پێچە مێژوویانەدا تەنها بۆ خۆدوورخستنەوە نیە لەشەڕی دیكتاتۆرەكان و پیاوەكانیان ، بەڵكو مومارەسەیەكی سیاسی و كولتوری دیموكراسیانەیە بۆ پەروەردەكردنی نەوەی داهاتوو بۆ دان بەخۆدا گرتن و**

**ڕێگەگرتنی ئەقلانیەت لەبەرامبەر کێشەکانی ژیانی نوێیاندا، لەبەر ئەوە هەموو مومارەسەیەکی لەو جۆرە تۆڵەسەندنەوەیە و نمایشکردنی بەو جۆرە، نەك هەر چەمکی لێبوردن دەخاتە بەردەم مەترسی و دیژەی پێدەدات ، بەڵکو بەشێوەیەکی دیکە ڕۆحی شەڕخوازی لەدایك دەبێتەوە .**

**ئاین و بەزەیی خواوەند دووپرسیاری هاوبەستی پێکەوەین ناتوانرێت ئەم لەوی دیکە جودا بکەیتەوە ، ئاین لە پرسی بەزەیی و (سیلەی ڕەحمدا) دەتوانێت وەك پەناگایەکی ڕۆحی لەبیناکردنەوەی ڕۆحی نەتەوە و میللەتاندا ڕۆڵی خۆی ببینێت، دەتوانێت گرفتەڕۆحیەکانی مرۆ چارەسەر بکات ،دەتوانێت برینە قوڵەکان بەسەبرێکی سوتێنەرەوە سارێژ بکات. پیاوی ئاینی هەڵگری ئەو سۆزەیە کەخودا پێی بەخشیوە،بەهەمان سۆز وبەزەیش لێبوردن دەبێتە دوا پەناگای هێورکردنەوەی ڕۆح لەهەموو ڕق و تۆڵەسەندنەوەیەك. لەسێداردانی سەدام و ووردەکاریەکانی پێچەوانەی ئەو ڕاستیە بوون، ئاشکراکردنی دەم و چاوی دڕەندەی ئەو پیاوانە بوون کەئەمرۆ بەناوی ئاینەوە بەسەر پەیژەی قەنارەکاندا وەك جەلاد سەرکەوتوون و هەڕەشە لەهەموو دوژمنێکی دێرین و ئێستاکێیان دەکەن، بەهەمان شێوەش ئەم ووردەکاریەی لەسێدارەدانی سەدام ئەو ئەقلیەتەی نیشاندا کەماوەی سێ ساڵ زیاترە باس لەدەستور و پرۆسەی دیموکراتی و برایەتی کورد و عەرەب و سونە و شیعە دەکات، ئەقلیەتێکی بێبەزەیە ، ئەوەندە وەحشیە ناتوانێت مردنێکی نوێترال ببەخشێت بە دوژمنەکەی. پەتی سێدارەی سەدام ئاشکراکردنی درۆی چەمکی بەزەیە لەگوتاری (سونەشیعەی) ئەم ناوچەیەدا، بەشێوەیەکی گشتیش هەموو ماناکانی بەزەیی لە گوتاری ئاینی دەسەنێتەوە. نمایشی ئاوەها دوورخستنەوەی ئاین بوو لە ئەرکە ڕۆحیەکانی ، فڕێدانی بوو بۆ بەردەم قەسابەکانی تیرۆر و تۆڵە سەندنەوە .**

3

**نەگوتراوەکانی پشت ئەو نمایشی لەسێداردانە زۆرترە لە گوتراوەکانی ، یەکێك لەو نەگوتراوانە ئەوەبوو کە پەتی قەنارە هێشتا ماوە و ئێمەش خاوەنی ئەو پەتی قەنارەین ، دەبێت هەموو یەکێك لەئێوە ئەو پەتەی لەبەر چاو بێت. ئەمە هەڕەشەکردنێکی ئاشکرای مەلایەکانی سیاسەتە لەهەموو دیموکراتخوازێك، لێدانی هەموو دۆزێکە بۆ تەنانەت خەون بینینیش بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە ئێراقی داهاتوودا. پەتی قەنارەی مەزهەبی و خێڵەکی هەڕەشەکردنە لە چەمکی هاوڵاتیبوون ، پەتی قەنارەی سەدام نەگوتراوێکە بۆ گوتراوێك کەدەیەوێت بڵێت : سڵاوات لێبدەن لەسەر تەرمی هاوڵاتیبوون ، قەدەری ئێوە قەدەری ( ڕەعیەتێکی) گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو هێزەیە دێتە سەرحوکم، ئیدی ئەوەی بیەوێت ببێت بە ژمارە لەم هاوکێشە خێڵەکی مەزهەبیەدا دەبێت پەتی قەنارەیەی لە گیرفاندا بێت و پیرۆزی بکات و لێی بترسێت و ئامادەی بکات بۆ دوژمنەکانی، ئەو پەتی قەنارەیەی لەجیاتی ئەوەی بە ئیعدامکردنی سەدام و پیاوەکانی بۆ ئەبەد کۆتایی پێبێت ، دووبار بەهوتافەکانی موقەتەدا سەدر و مەزهەبیەکان پیرۆزکراوە و درێژکرایەوە.**

**بەدیوێکی دیکەدا پەتی قەنارە بۆ ئێمەی کورد هەڕەشەیەك بوو ، زەبری حکومەتی مەرکەزی نیشاندا لەبەرامبەر لاوازی و پەراوێزی حکومەتی کوردی و نوێنەرەکانی لەبەغدا و تەنانەت لەبەرامبەر سەرۆکی ئێراقیش ، کەبەشەرمنیەوە خۆی لەئیمزای لەسێدارەدانی سەدام کشانەوە. بێگومان ئەم هەڵوێستەی لەسەرێکەوە جێگەی شانازیە و کارێکە ئەز ئەو هەڵوێستیەم بە ئازایانە لەقەڵمداوە، بەڵام بەداخەوە خۆسەپاندنی سەرۆك وەزیرانی شیعە مەزهەب ( مالیکی) لە پەلەکردنی کوشتنی سەدام ، لەتەسلیمکردنی چارەنوسی لەداداگاوە بۆ بەردەم میلیشیا هوتافکێشەکانی سەدر جێگەی چەندەها گومان و پرسیاری کراوەن..**

**ئەم ئیعدامە بە پەلەیە بەبێ ئامادەبوونی نوێنەری هەموو نەتەوەکان و بەتایبەت کورد ، خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەك بوو پەراوێزکردنی کورد لەنێو ئەو پرۆسە سیاسیە دەسەڵاتخوازەی ئێراق کەدەیەوێت فۆرمی حکومەتێکی دیموکراسی ببەخشێت بەخۆی ، هەر وەك ئەوەی لەڕێگەی ئەو کارەوە جەخت لەخانەخوێیی خۆیان بکەن و بیانەوێت بە میوانەکانی حکومەتی ئێراقی ( کورد) بڵێن : ڕاستە ئێوە لە سەرەوەی ئەم دیوەخانە دانیشتوون بەڵام ئێمە خانەخوێین و ئێمەش بڕیاری سزادانی کوڕەکانمان جێبەجێدەکەین ، ئێوە بۆتان نیە ئامادەی ئەم سزادانەبن.**

پەتی قەنارەی سەدام لەدایکبوونەوەی گۆڕەو شارکردنی دۆزی هەقیقەتە بەهەموو مانا فراوانەکەیەوە. لەوەتەی مێژووی حوکم هەیە لەم ناوچەیەدا شاردنەوەی ڕاستیەکان کاراکتەری سەرەکی شێوازی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و حوکمە.بەهەمان شێوە ئیعدامی بەپەلەی سەدام گۆڕەوشاکردنێکی دیکەی هەقیقەتی سی و پێنج ساڵی دیکاتۆریەتی پان عەرەبیزمە لەناوچەکەدا. سەدام زۆر نهێنی مێژوویی مابوو دەبوایە بیدرکێنێت، زۆر ڕاستی تاڵ هەبوو دەبووایە لەپرۆسەی بەدادگایکردنیدا دەربکەوتایە ،بۆنمونە : بۆچی پیلانی پاکتاوی کوردتان پیادەکرد، لەپێناو عروبە یان ئیسلام ؟، کامە ئایدۆلۆژیە شەرعیەت دەدا بەکوشتن وەك ڕێگەچارەیەك بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی دەسەڵات؟، ئەم تەوژمە (عەرەبیە شۆڤێنیە ) لەکوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کەشەرعیەت دەدا پاکتاوی جەستەیی میللەتانی غەیرە عەرەب ؟ کامە لەدەوڵەتانی عەرەب ئەم هەموو پاکتاوەی پیرۆزکردو کامەش لەمانە دژی وەستانەوە ؟ کێن ئەوانەی چەکیان پێبەخشی بوو؟ ، کامە کۆمپانی ئەوروپایی و ئەمریکی ژەهریان پێفرۆشتووە؟، کامە دەوڵەتی ئەوروپایی پسپۆڕی چەکیان بۆ نادرووە و پلانی گەرورەی لەناوبردنی کوردیان بۆ مەحکەم کردووە؟، ئایا دەوڵەتانی ئەوروپی ئاگاداری کاری ئەو کۆمپانیانە نەبوون ؟ پەیوەندی ئەوروپا و ئەمریکا چی بووە بە دەسەلاتی سەدامەوە ؟ .. لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێراق و کوردیش زۆر پرسیاری دیکە هەن کەهێشتا پێویستی بەوەلامە بۆ نمونە : کێن ئەو سەرە گەورانەی بەنێو موعارەزەی ئێراقی و تەنانەت کوردیش کەژێرە و ژێر لەسەر ئاستی دەسەلاتدا مامەڵەیان لەگەڵ سەدام و ڕژێمە خوێناویەکەی کردووە؟، ڕۆڵی موستەشار و جاش چۆن بووە لە پاڵپشتی ڕژێمەکەی ؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری کراوەی دیکە، دەبووایە لە دەمی سەدامەوە بمانبیستایە لە دادگایەکی گشتی سیاسی و مێژوویی نەك تاوانکاری ، چونکە تاوانەکانی ئاشکرا و دیارن و پێویستی بە سەلماندن نیە .. ئەمانە هەمووی لەگەڵ کوشتنی سەدامدا گۆڕە و شار دەکرێن و شانسی مێژوویی دەرخستنی ڕاستیەکان بەمەبەستەوە لەقەنارە دەردێن.

دیارە مەبەست لە دادگایکردنی ئاشکرای دیکتاتۆرەکان تەنها دەرخستنی تاوانەکانی نیە کەدەکرێت لەحاڵەتێکی نائاسایی وەك دیکتاتۆری ڕۆمانیا (چاوچیسکۆ) یاخود وەك (مۆسۆلۆنی ) ئەنجامبدرێت .. کاتێك بڕیاری دادگا دەدرێت وەك لەحاڵەتی نازیەکاندا بینیمان ئامانجی دەرخستنی هەموو ڕاستیەمێژوویەکانە ، لەئیدۆلۆژی و بیروبۆچوونی فاشیستانەوە بیگرە تاوەکو لێـپـێـچـینەوەی سەرە بیرکارەکانی ئەو دۆزە ڕەگەزپەرستی و فاشستیە و لەحاڵەتی سەدامیشدا دەرخستنی دیووی ڕاستەقینەی شۆڤێنیەتی عەرەبی و پان عەرەبیزمە. دادگای لەو جۆرە بۆ دەرخستنی تاوان نیە کەلای هەمووان ئاشکرایە و پێمووایە پێویستی بەبەڵگە نیە کەهەموو گوندو شارەکان لەسەر گۆڕی بەکۆمەڵ بخەون و ژیان بەسەر بەرن. دادگایی لەو جۆرە لەسەروو هەموو شتێکەوە دادگایەکی مۆڕاڵیە ئامانجی هێنانەکایەی نموزەجێکی نوێی مۆڕاڵە و ئەخلاقی سیاسی و کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵگەدا، بەهەمان شێوە ڕۆڵێکی پەروەردەیی هەیە بۆ هێنانەکایەی نمونەیەك لەدادپەروەری و گوتاری ئەقڵانی ڕەسمی کە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی لەسەر بینا دەبێت. موستەحیل بوو ئەڵمانیا وەك ئەمڕۆ دەیبینین سوستێمی چاودێری و عەدالەتی تێدابووایە، گەر هاتوو ئەو پرسیارە سەرەکیە نەکرایە لەنازیەکان : بۆچی جولەکەتان لە هۆلۆکۆستدا لەناوبرد ؟ ، لەدادگایکردنی سەرانی نازی لە دادگای نورنبێرگدا مەبەستی سەلماندنی تاوانەکە نەبوو کەئاشکرابوو، داداگای نوێنبێرگ مەبەستی ئاشکراکردنی کرۆکی نازیەت و فاشیەت بوو لەجیهاندا. گەر دادگایکردنی نازیەکان بەو شێوەیە کاریکاتۆریانە بووایە کەلەدادگای سەدام و لەسێداردانیدا بینیمان!،ئەوا نازیەت تاوەکو ئەمڕۆ سەد هێندەی ئێستا تەشەنەی دەکرد. لێرەوە دەمەوێت بڵێم کەئامانج لەدادگایکردنی ئاشکرا تەنها حوکمدارکردرنی تاوان نیە بەڵکو کارکردنە لەسەر ڕابوردوو پاشماوەکانی .. بەداخەوە لەسێدارانی سەدام نەك ئیفلیجی خستە سوتێمی عەدالەت ، بەڵکو ڕێگر بوو لە یەکلاکردنەوەی ڕابوردووی دیکتاتۆریەت و پان عەربیزم ، نەك هەرئەوە بەڵکو ئەو پاشماوە دیکتاتۆریەلە ژێر هوتافی موفتەدایەکاندا دەبێتە نموزەجی بەکارهێناروی سوستێمی عەدالەت و یەکلاکردنەوەی ڕاستیەکان لەم ناوچەیەدا .

پەتی قەنارەی سەدام ئەو درۆیەی ئاشکراکرد کەلەزیندانەکاندا ئەشکەنجە نەماوە ، هەموو ڕاستیەك لەم ناوچانەی ئێمەدا لەژێر زەبری دار و زلە و کێبڵ و کارەبا و بوتڵ و چەندەها میتۆدی ئەشکەنجەیی دیکە دەخرێتە بەردەم دادوەر و دەسەڵاتە بەرپرسیارەکان، گەیشتن بە هەقیقەت لەڕێگەی زلە و بوتڵ و کێبڵەوەیە و هیچی تر . سوستێمی عەدالەت تاوەکو ئێستا لەم حکومەتەدا ئەشکەنجە بەتاکە هۆکار تێدەگات بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان، پەتی قەنارەی سەدام لەگەڵ بەردەوامی تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و زیندانیکردنی ڕۆشنبیران پێش ئەوەی بچنە بەردەم دادگا، جارێکی دیکە لەدایك دەبێتەوە. دۆزێکی دیکەی خۆڵەمێشیە دووبارە بوونەوەی فۆرمەکانی قەنارە و ئەشکەنجە و تیرۆری سایکۆلۆژیە ،ئەمجارەیان لەژێر ناونیشانێکی دیکە خۆی نمایش دەکات.. ئەو پرسیارەی لەخۆم کرد ئەوەبوو چ دەبوو گەر دیکتاتۆر لە زیندانێکی ئێراقیدا بەندبکرایە؟!، ئەوەتا دوور لەهەموو عورفێکی مرۆیی نایەڵن دواساتەکانی ژیانیشی بە سروشتی لەسیدارەبدرێت، هێزێك هەیە بۆ ئەشکەنجەدان لەم دەڤەرەدا بەردەوامە لەسەر گەمەی پۆخڵکردنی دنیا، هێزێکی ڕەشە سەدەیەکی کارکردنی سیاسی و کولتوری و زمانەوانی و یاسایی پێویستە بۆ ڕیشەکێشکردنی.

لەسێدارە دانی سەدام شێوەی لەسێدارەدانی شێخ زانا و گروپە تیرۆیستەکەی هێنایەوە یادمان، ئەو ڕاستیانەی شێخ زانا لەگەڵ خۆیدا بردیە گۆڕەوە لەمەرگی خۆی گرنگتر و هەستیاتر بوون، ترس و تۆقاندنی تیرۆیستێك نابێت بە هەمان میتۆد وەڵامبدرێتەوە، دیارە ناشبێت گوڵبارانیان بکەین، بەڵام کەبەردەستمان دەکەوتن دەبێت ئێمە ئەو ئەخلاقیەتە باڵایەمان تێدا بێت کەخەتی جیاکردنەوەی ئێمە بێت لەتیرۆیست و پیاوکوژان. دەمەوێت ئەوە وەبیری خوێنەری ئازیز بهێنمەوە ، ئێمەی کورد دەمانتوانی وەك تیرۆیستەکان هەموو بازاڕەکانی بەغدا و موسڵ و تەنانەت باشوریش لە تۆڵەی ئەنفال و هەڵەبجە بکەین بەجەهەنەم ، نەك هەر ئەوەشمان نەکرد ، بەڵکو لەڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕیندا ڕێزمان لەژن و منداڵی ئەو جەلادانە گرت کەدەستیان بەخوێنی ئێمە سوور بوو . ئەمە خاڵێکی ڕۆشنە لەمێژووی ئێمەی کوردا. سروشتی مرۆڤە ئازاکان لە بەزەیی و ڕێزگرتنی عورفەمرۆیەکانەوەیە نەك لە تۆڵەسەندنەوەی کوێرانە، دەبا ئەو دەنگانەی ئەمڕۆ داوای تۆڵە دەکەن خەفەبن، لەبەرامبەر ئەوەدا بادەنگەکانی یەکلاکردنەوەی ڕاستیەمێژوویەکان بەرزبکەینەوە.

ئێراق خۆی لەبەردەم لەدایکبوونەوەی پەتی قەنارەی نوێدا دەبینێتەوە، بەداخەوە چەندە ئێمەی کوردیش دژی بڕیاری لەسێدارەدان وەستاینەوە کەچی هەر خۆمان بووین دیسانەوە پەتی قەنارەمان بەماڵەکانمانەوە هەڵواسی، دیسانەوە پەتی قەنارە لەگیرفانەکانەوە هاتنەدەرێ و خرانە سەر مێزی پەرلەمانتارانی کورد ، پەتی قەنارە ئاشناکەمان هاتەوە نێو مەیدان . دەبێت لەمەودا باش گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکەی (ئادۆرنۆ) بین و چیدی لەم ماڵەدا باسی ئەم پەتە نەکەین ..

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

**نورنبێرگ** 2007/01/04